# سووڕانە

ر.پ. چەکۆ

وەکوو جاران بۆ کڕینی کەل و پەلی ماڵی خۆم لە ناو ئاپۆرەی بازاڕ هاوێشت و کارەکانم جێبەجێ کردن و بەرەوماڵ دەگەڕامەوە. سرنجی راکێشام ئەو سواڵکەرەی کە بن دەرگای بانکێکدا دانیشتبوو.

قەت لەو شوێنە کەسم نەدیبوو؛ راستیەکەی نەیاندەهێشت. پیاوێکی زۆر ماقووڵ دەهاتە بەرچاو. شەدەکەی راخستبوو. داوای یارمەتی لە خەڵک دەکرد. لەچاوانی دا خوێن جۆگەڵەی بەستبوو. وشکەساڵی ئەسرین بوو، فرمێسک چوو بوو بووکە بارانەی بۆبکا. ئە پیاوە زۆری شەرم دەکرد. هەرچی بەلایدا دەهات بەچاوێکی سووک سەیری دەکرد. سەرم سوڕمابوو، ئێرە و سواڵکەر؟ زرینگەی پووڵ و زایەڵەی دەنگی پیاو دوکەڵێکی ئەفسووناویان چێ کردبوو؛ گوڵ بوو دەباری، دڵ بوو دەمر، ئەوین بوو بەزۆر بەشوو دەدرا بە ناپاکی. فرمێسک چلوورەبوون دەچوونە چاوی ژیانەوە. ژیان بوو هەتک دەکرا.

لەکۆمەڵی دواکەوتوودا سواڵکەری شتێکی ئاساییە و لە نابەرابەری دەخوڵقێ. بەڵام ئەو پیاوە رەنگ مێرانە جیاواز بوو. سەرنجم هەموو بۆلای ئەو راکێشرا. بە ئەهوەنی چوومە لای و لەکنی دانیشتم.
ئەوکاتەت باش خاڵەگیان! سەری هەڵبڕی و چاوی لێکردم. بەڵام قورگی پڕ لە گریان رێگای پێنەدا وەڵامم بداتەوە. بەسەر وەڵامی دامەوە. هەرچی بەلاماندا تێپەڕ دەبوو ئەگەر یارمەتی نەدابا، پێی لە بڕینی خاڵە دەنا. پووڵی ناوگیرفانی دەرهێنا و هی سەر شەدەکەشی بژارد. بەدڵە کوتەوە کە دەستی لەرزی بۆی دەگریا و گوتی: "بەخوا هێشتاش هەر کەمە. چی بکەم نیوەڕۆ داهات!؟"

ماوەیەکی تریش داوای لە خەڵک کرد بۆ یارمەتی. دایە قوڵپی گریان، گریانێک کە بالۆرەی شینی لێ دەباری. مستێکی بێ ئەنگوست بوو. عەشقێکی پیرۆز بەورۆژەی گەیاندبوو. دیار بوو عاشق بوو وەک دارستان زۆر جار بە رووتی چووتە ژوانی بەفر. پووڵەکەی بژارد و دیسان تەواو نەبوو. دەیکوت بۆ دەهەزارتمەن زۆری ماوە بەڵام کات وا خەریک بوو هەڵی دەلووشی.

لێی هاتمە قسە و گوتم: هەردەبێ دەهەزارتمەن بێ؟" نەمزانی تەرزەی پێکەنینێکی تاڵ بەسەرم داباری و وەخۆهاتمەوە و لەکن ویژدانم زۆر شەرمەزار بووم. وتم خاڵەگیان ئەگەر من ئەو پووڵەت بۆ تەواو کەم گرێی ئەو رازەم بۆ دەکەیەوە؟ گوتی: "بەگیان و دڵ." پێکمان هێنا و شەدەکەی بەستەوە و گوتی:
"رۆڵەگیان، دوێ شەو کوڕەکەم ئێعدام کراوە. تەرمەکەم نادەنەوە. ئاخر داوای پووڵی گوللەکانیان لێکردووم. ئەو پووڵە بۆ ئەو مەبەستەیە. بۆ ئەو گوللانەی دەوێ کە لە ناوسنگی «رزگار»ی خانەخوێ دانێژراون.

کاس بووم، چاوم لە حەسرەتان دەمی لێک نا، بەڵا گوێم لێ دەیگوت. شێت بوو شێت!

ئێستێ رزگاری بوو ..... رزگاری ........................ رزگا .............رز.............ر.......... .